# اربدستانك دن ؛ از دبن ل هند ل ردوانان وهند لكردوكانان ت دنو

له ئوم سەلەمەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاربەدەستانێك (دێن) ؛ ڕازی دەبن لە هەندێک لە کردەوەکانیان وهەندێک لەکردەوەکانیان ڕەت دەکەنەوە، هەرکەسێک (کارە خراپەکانیان) بناسێتەوە ئەوا بەخشراوە (بەریئە لە هەڵگرتنی تاوانەکان)، وئەوەی نکۆڵی بکات (لە کارە خراپەکانیان) ئەوا سەلامەتە وپارێزراوە، جگە لە ئەوانە نەبێت کە ڕازی بوون بەو کردەوانە وجێبەجێیان کرد»، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا دژیان نەجەنگین؟ فەرمووی: «نەخێر، هەتا ئەو کاتەی نوێژ ئەنجام دەدەن».
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەندێك کاربەدەست دەکرێن بە بەرپرس لەسەرمان، هەندێك لە کردەوەکانیان پەسەندن بەلامانەوە چونکە بەپێی شەریعەتە، ونکۆڵی دەکەین لە هەندێك لە کردەوەکانیان ؛ چونکە پێچەوانەی شەریعەتن. هەرکەسێك لەدڵیەوە ڕقی بێت لە کردەوە خراپەکانیان ونەتوانێت نکۆڵییان لێبکات ؛ ئەوا ڕزگاری بووە لە تاوان ودووڕوویی، وهەرکەسێك بتوانێت بەدەست یان بە زمان نکۆڵی لەو خراپانە بکات ئەوا سەلامەت بووە وپارێزراوە لە تاوان وبەشداری کردن تێیدا، بەڵام ئەوەی ڕازی بێت بەو کردەوە خراپانە وشوێنی ئەوان بکەوێت ؛ وەکو ئەوان تیا دەچێت. پاشان هاوەڵان پرسیاریان لە پێغەمبەر کرد -صلى الله عليه وسلم- : ئایا بجەنگین دژی ئەو کاربەدەستانە کە ئەمە سیفەتیانە؟ -صلى الله عليه وسلم- نەهی کرد لە جەنگان دژیان، وفەرمووی: (نەخێر، هەتا ئەو کاتەی نوێژ ئەنجام دەدەن (دەرچوون لە دژیان ڕێگەپێدراو نییە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee